Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2024
Vol. X, No. 1, Series 17

پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱۴۰۳
سال ۱۰، شماره ۱، پیاپی ۱۷

# لێکۆڵینەوەی نازناو لە شیعری کوردیدا

حەسەن ئارمکان[1]

## (وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگری: ۲۸ی بەفرانباری ۱۴۰۱، کاتی پەژیران: ۱۹ی ڕەشەمەی ۱۴۰۲، لل. ۲۳۵ - ۲۵۴
DOI: 10.22034/JOKL.2024.138461.1274

**کورتە**

هەر لە سەرەتای ئەدەبی کوردییەوە تا ئێستا زۆربەی شاعیرانی کورد بە مەبەستی ناساندی خاوەنی شیعر و ناو و نیشاندارکردنی هۆنراوەکانیان لە ڕووی هۆکارگەلێک وەک ناوی یەکەمی خۆیان یان ناوێکی مەنسووب، وشەیێکی جوان و ئەدەبی، ناوێکی پەیوەست بە ئایین و سۆفیگەرییەوە یان وشەیێک کە ئاماژە بە تایبەتمەندیی ڕۆحی و جەستەیی و دەروونی و پیشەی شاعیر دەکات بۆ خۆیان «نازناوێك»، واتە ناوێکی شیعرییان هەڵبژاردووە و لە هۆنراوەکانیاندا بەکاریان هێناوە. ئاسەواری ئەدەبی فارسی لەم تەوەرەدا بەدی دەکرێ. لێکۆڵینەوە لە بابەت نازناوی شاعیرانی زمانێک و تایبە-تمەندی و فاکتەرە کاریگەرەکانی نازناو، جگە لە ناساندنی دۆخی کۆمەڵگە، هەڵوێستی تایبەتی شاعیر بەرامبەر بە جیهانی دەروون و دەوروبەری دیاری دەکات. تایبەتمەندیگەلێکی وەک گۆڕینی نازناو بە تێپەڕبوونی کات، سوودوەرگرتن لەو نازناوانەی کە شاعیرانی تر پێشتر بۆ خۆیان دانابوو، بوونی چەند نازناو بۆ شاعیرێک و کەڵکوەرگرتن لە یەکێکیان بەپێی هەل و بارودۆخ جیاوازیی ئەم بابەتە لە ئەدەبی کوردیدا نیشان دەدات. ئەم توێژینەوە باس لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی نازناو و شێوازەکانی هەڵبژاردنی لە لایەن شاعیرەوە و ناوەرۆکی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە دەکات.

***وشەگەلی سەرەکی:*** نازناو، پاشناو، ئەدەب و شیعری کوردی، شاعیرانی کورد

**چکیده**

اغلب شاعران کرد از آغاز ادب کردی تا زمان حاضر برای معرفی صاحب شعر و نشان‌دار کردن سروده‌هایشان با توجه به عواملی چون نام خود، اسمی منسوب، واژه‌ای زیبا و ادبی، اسمی مرتبط با آیین و تصوف، واژه‌ای که به خصوصیات روانی و جسمی و درونی و شغل شاعر اشاره دارد، «تخلّص» یا نامی شعری را برای خود اختیار کرده‌اند و در اشعارشان به کار برده‌اند. تأثیر ادب فارسی در این مورد به وضوح دیده می‌شود. پژوهش در مورد تخلص شاعران یک زبان و خصوصیات و عوامل دخیل در آن افزون بر نشان دادن وضعیت جامعه، دیدگاه شاعر در مورد جهان درون و پیرامون او را مشخص می‌کند. ویژگی‌هایی چون تغییر تخلّص با گذشت زمان، استفاده از تخلّصی که شاعران پیشتر از آن بهره گرفته بودند، وجود چند تخلّص برای یک شاعر و استفاده از یکی از آنها بر اساس وضعیت موجود وجه تمایز این موضوع در ادب کردی است. تحقیق حاضر در مورد چگونگی استفاده از تخلّص و شیوه‌های انتخاب آن توسط شاعر و مطالب مربوط به آن در ادبیات کردی سخن می‌گوید.

***واژگان کلیدی:*** تخلّص، لقب، ادب و شعر کردی، شاعران کرد

[1] دوکتۆرای زمان و ئەدەبی فارسی، مامۆستای دایرەی پەروەردە، ورمێ، ئێران
hasanarmkan@gmail.com

## ۱- پێشەکی

نازناو بەرامبەر بە وشەی فارسیی «تخلّص» بە واتای «ناوێکە شاعیر بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێ و لە ناو شیعرەکانیدا بەو ناوە خۆی دەناسێنێ» (*فرهنگ دانشگاه کردستان*، ۱۳۹۲/ ۱: ۶۱۴). وردبوونەوە لەم وشەیە دوو بۆچوونمان سەبارەت بە پێکهاتە و شێوەی بنیاتنانی دێنێتە بەرچاو:

۱-۱- نازناو لە بنەڕەتدا دەتوانێ لە دوو وشەی «ناس: ناسین» و «ناو» بە واتای ئەو ناوەی کە پێی دەناسرێن، پێکهاتبێ کە دواتر بە هۆی پرۆسەی فۆنۆلۆژی گۆڕین[2]، واجی[3] «س» بووەتە «ز»؛ وەک «دەستگیران: دەزگیران»، «دەستگیرە: دەزگیرە» و هتد.

۱-۲- لایەنی دووەم ئەوەیە کە ئەم وشە دەتوانێت بە مانای «نازناو»، واتە ناوێک بێت کە شاعیر شانازیی پێوە دەکات.

وا دیارە بۆچوونی یەکەم لە ڕاستی نزیکتر بێت و نازناو لە بنەڕەتدا «ناسناو» بە واتای ناوێک بێ کە شاعیر بە مەبەستی ناساندنی خۆی بە گوێگران و کەسانی تر بەکاری هێناوە.

نازناو وشەیەکی جیاوازە لە «پاشناو، بەرناو یان سەرناو» کە بەرامبەرە بە وشەی «لقب» لە زمانی فارسی و عەرەبیدا. جورجانی لە پێناسەی «لقب»دا نووسیویەتی: «ناوێکە مرۆڤ لە دوای ناوی یەکەمی خۆی لێینراوە و مانای ستایش یان لۆمەی لێ وەردەگیرێت»(جرجانی، ۱۹۸۵: ۲۴۷). ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا بە واتای «ئاوەڵناوێکە بۆ ڕێزنان، تیز و تیتاڵی یان پێناسەکردنی کەسێ لە جێی یان لەگەڵ ناوەکەیدا» (*فرهنگ دانشگاه کردستان*، ۱۳۹۲/ ۳: ۲۰۵۷).

بەپێی ئەو پێناسانەی ئاماژەمان پێکرد، دەتوانین بڵێین پاشناو ناوێکی لاوەکییە بۆ مرۆڤ کە لە ماوەی ژیانیدا دروست دەکرێت و بە هۆی ئەوەوە کەسەکە ناسنامەی کۆمەڵایەتیی خۆی بۆ کەسانی دیکە دەگێڕێتەوە؛ بە واتایەکی تر، پاشناو، تا ڕادەیەکی زۆر، ئاماژەیە بۆ پاشخانی چینی کۆمەڵایەتیی خەڵک (بنکەی ڕاستەقینەی خۆیان) یان خواست و هیواکانیان بۆ داهاتوو (بنکە پۆتانسێلەکەیان).

وەکوو پێشتر باسمان کرد، نازناو (تخلّص) لە گەڵ پاشناو (لقب) جیاوازیی هەیە؛ هەندێک لە شاعیران نازناوێکیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە، ئەگەرچی لە ناو خەڵکدا بە پاشناوێکی جیاواز ناسراون؛ بۆ نموونە، پاشناوی شاعیرێکی وەک عەبدوڕڕەحیم تاوەگۆزی، «مەولەوی کورد»ە، بەڵام لە شیعرەکانیدا نازناوی «مەعدووم» یان «مەعدوومی»ی بەکار هێناوە. هەروەها کاکەی فەلاح (محەمەد کوڕی محەمەد ئەمین: ۱۹۲۸-۱۹۹۰ز.)، لە ڕێگەی ئەم شیعری خوارەوە کە باسی کاکی

---

2. Assimilation phonological process
3. phoneme

فەللاح (جووتیار)ی کردووە، دواتر هەمان ناو بووە بە پاشناوی ئەو بێ ئەوەی وەک نازناوێک لە شیعرەکانیدا بیهێنێت:

کرێکار و قوتابی و چینەکانی ڕووت و بێنانت

سەپان و کاکی فەللاحی و بەرەی تالانکراوانت

(خەزنەدار، ٢٠٠٦/ ٧: ٥٦٣)

شاعیرانی کورد لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەدەبی کوردییەوە، بەپێی تایبەتمەندیی کەسایەتی و تایبەتمەندیی شیعریانەوە، نازناوێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. وا دیارە لەم بارەدا لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی فارسیدا بووبن و وەکوو شاعیرانی گەورەی ئەدەبی فارسی، ناوی شیعرییان لە هۆنراوەکانیاندا بەکار هێنابێت. جیاوازیی نازناو لە شیعری کوردی و شیعری فارسی، لەوەدایە کە لە ئەدەبی فارسیدا نازناو «لە ماوەی سەدەی سێیەمی کۆچی تا سەدەی شەشەمی کۆچی بە مانای بەیتێکە کە شاعیر ئامادەی دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی سەرەکی، و لە ماوەییێکی دیکەی کاتیدا، واتە سەدەی شەشەمی کۆچی بە دواوە بە واتای ناوی شیعریی شاعیرە» (همایی، ١٣٧٤: ٩٩)؛ بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا نازناو هەر لە سەرەتاوە تەنیا بە مانای ناوێکە کە شاعیر بۆ ناساندنی خۆی کەڵکی لێ وەرگرتووە.

لەم لێکۆڵینەوەدا توێژەر هەوڵ دەدات شێوازی بەکارهێنانی نازناو و بەها ئەدەبییەکانی لە ئەدەبیاتی نەریتیی کوردی و هێزی دەربڕین و داهێنانی شاعیرانی کورد لەم چوارچێوەدا و ناوەرۆکە پەیوەندیدارەکان دیاری بکات.

**٢- پێشینەی توێژینەوە**

چەند لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە لە سەر نازناو و شێوازی بەکارهێنانی لە ئەدەبی فارسیدا کراوە؛ بۆ نموونە، دەتوانین بە وتارەکانی «روان‌شناسی اجتماعی شعر فارسی در نگاهی به تخلّص‌ها» نووسینی شەفیعی‌کەدکەنی و «راز تخلّص در شعر فارسی» و « گریزی به تخلّص در شعر فارسی» نووسینی نیک‌مەنیش ئاماژە بکەین. بەڵام بە هۆی سروشتی تازەپێگەیشتووی توێژینەوەی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا، هێشتا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و هەمەلایەنە لە بواری نازناو لە شیعری کوردیدا ئەنجام نەدراوە و ئەم لێکۆڵینەوە دەتوانێت دەستپێکێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنگەلی جۆراوجۆری ئەدەبی، دەروونی، مێژوویی، کۆمەڵناسی و دەروونناسیی نازناو لە شیعری کوردیدا بێ.

### ۳- پێشینەی بەکارهێنانی نازناو لە ئەدەبی کوردیدا

کەڵکوەرگرتن لە نازناو لە نێو نووسەران و شارەزایانی ئەدەبی ئێراندا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. بەشێک لە توێژەران پێیان وایە پێشینەی بەکارهێنانی ناوی شیعری لای ئەدیبانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش ئیسلام. (بڕوانە: ریپکا، ۱۳۸۲: ۱۹۸؛ شفیعی‌کدکنی، ۱۳۸۲: ۵۰).

هەڵبژاردنی نازناو لە ئەدەبی کوردیشدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و زۆربەی شاعیران هەر لە دەستپێکی ئەدەبی کوردییەوە ناوی شیعرییان بۆ خۆیان داناوە. چاوخشاندنێک بە سەر کتێبگەلی مێژووی ئەدەبی کوردی و دیوانی شیعری شاعیرانی کورددا بۆمان دەردەخات کە نازناو لە یەکەم قۆناغەکانی ئەدەبی کوردیدا زۆر سادەیە و شاعیران تەنیا ناوێکی شیعری بۆ خۆیان هەڵبژاردووە کە بیانناسێنێت و بیر لە لایەنی ئەدەبی و دەروونی ئەو بابەتە ناکەنەوە و بۆ ئەوان نازناو تەنیا پاشناوێکە بۆ ناساندن؛ بۆ نموونە، بابا سەرهەنگ دەودانی (۹۳۵-۱۰۰۷ز.) لەم دێڕەی خوارەوەدا هیچ نازناوێکی تایبەت بەکارناهێنێت و تەنیا بۆ ناساندنی خۆی و لێدانی مۆری خاوەندارێتی بە شیعرەکەیەوە ناوی خۆی وەک نازناو بەکار دەهێنێت:

سەرهەنگی دەودان سەرهەنگی دەودان     ئەز کە نامـان سـەرهەنگی دەودان

(احمدی، ۱۳۹۵: ۶۴)

ئەم بابەتە لەم شیعرەی عابدین کاکەییشدا (۱۳۲۰-۱۳۹۴ز.) بەدی دەکرێت:

مـن عـابـیـدیـنـی کـاکـەیـم     ئـاخـر بـە یـاری خـۆم گـەیـم

(هەمان سەرچاوە: ۷۲)

شاعیرانی دێرینی ئەدەبی کوردی وەک بێسارانی، شاکە و مەنسوور خان، مەلاخدر ڕواری و هتد، بە دەگمەن نازناو لە شیعرەکانیاندا بەکار دەهێنن، بەڵام هەندێک شاعیری دیکە وەک غوڵام ڕەزا ئەرکەوازی، ڕەنجووری و ... زۆریان حەز لە بەکارهێنانی نازناو لە شیعرەکانیاندا دەکەن. لە قۆناغەکانی دواتردا بە تایبەت لە سەدەی نۆزدەهەمی زایینی بە دواوە، بەکارهێنانی نازناو لە دوا بەیت یان بەیتی پێش کۆتاییدا بووە بە داب و شاعیرانی وەک نالی، ناری، مەحوی، سەیدی، مەلای جەباری و هتد، لە زۆربەی هۆنراوەکانیاندا ناوی شیعریی خۆیان بەکار دەهێنن. بێ‌گومان ئەم قۆناغبەندییە کاتییە بۆ هەموو شاعیران ڕاست دەرنایە؛ بۆ نموونە، شاعیرێکی وەک مەولەوی کورد (۱۸۰۶-۱۸۷۶ز.) کە لە سەدەی نۆزدەهەمی زاییینیدا ژیاوە، زۆر بە کەمی نازناوی خۆی لە شیعرەکانیدا هێناوە.

### ٤- هۆکارەکانی بەکارهێنانی نازناو لە لایەن شاعیرانی کوردەوە

هۆکارەکانی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی نازناو لە شیعری کوردیدا بریتین لە:

### ٤-١- کورتکردن و پوختەکردنی ناو و ناوبانگی شاعیر

یەکەم هۆکاری هەڵبژاردنی نازناو، کورتکردنەوەی ناوی سەرەکیی شاعیر و ئامادەکردنی بۆ دانان لە چوارچێوەی شیعردایە؛ بۆ نموونە، شاعیرێکی وەک «محەمەد ئەمین شێخولئیسلامی» ئاگاداری ئەو ڕاستییەیە کە ناتوانێ ناوی درێژی خۆی لە شیعرەکەیدا بگونجێنێ، هەر بۆیە نازناوی جوان و کورتی «هێمن» بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و لە شیعرەکەیدا دایدەنێت. هەروەها «سەید محەمەد ساڵح حوسێنی نیعمەتوڵڵاهی» لە شیعردا نازناوی (سەید ساڵح) و (ساڵح) ساز دەکات.

### ٤-٢- ناساندنی خاوەنی شیعرەکە بە گوێگران

هۆکارێکی دیکەی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی نازناو لە ئەدەبی کوردیدا، لێدانی مۆری خاوەندارێتی بە شیعرەوەیە؛ شاعیر بە دانانی ناوی شیعریی خۆی، خاوەندارێتیی شیعرەکە بە ناوی خۆیەوە دەسەلمێنێت و بەم شێوەیە ناوبانگی خۆی لەگەڵ هۆنراوەکانی لە مێژووی ئەدەبیدا هەمیشەیی دەکات. «نازناو وەک مۆرێک وایە کە خاوەندارێتیی شاعیر لە بەرهەمێکی شیعریدا دەسەلمێنێت و هەر بەو هۆیەشەوە هەرکەسێک بیویستایە شیعری کەسێکی دیکە بدزێت، یەکەم شت کە کردوویەتی گۆڕینی نازناوی ئەو شیعرە بووە» (شفیعی‌کدکنی، ١٣٨٢: ٥١-٥٠). شاعیرانی زمانی کوردیش بە هێنانی نازناو، خۆیان وەک خوڵقێنەری بەرهەمەکە بە گوێگر دەناسێنن. لەم دێڕەی خوارەوەدا، قانع لە ڕێگەی نازناوەوە خۆی وەک خاوەنی شیعرەکە بە خوێنەر دەناسێنێت:

لە ئەسڵا خەڵقی دۆڵاشم، مەریوان شوێنی ئەجدادم

موحەممەد کابولیم ئەمما تەخەللوس قانیعم ناوە

(قانع، ١٣٩٣: ٣٣٤)

### ٤-٣- قسەکردن لەگەڵ خۆ (مۆنۆلۆگ)[4]

یەکێک لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی نازناو لە ئەدەبی کوردیدا بریتییە لە مۆنۆلۆگ یان «حەدیسی نەفس» کە لەودا «کارەکتەرەکە لەگەڵ بیر و هەستی خۆیدا دەدوێت تا خوێنەر لەبارەی مەبەست و نیەتەکانی ئەوەوە ئاگادار بێت» (میرصادقی، ١٣٧٦: ٤١٧). لەم بەشەدا شاعیر بە قسەکردن لەگەڵ خۆیدا و لابردنی چینەکانی دەرەوەی پاشخانی مێشکی، بۆچوون و ویستی خۆی بەبێ هیچ بەربەستێک دەردەبڕێت و ناوەرۆکی ناخی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات؛ بۆ نموونە، لەم شیعرەدا شاعیری

4. monologue

کورد ناڕەزایی خۆی لە چەرخی زەمانە و ئازار و ناخی دڵی، لە بەر دووریی خۆشەویستەکەی بە دواندنی خۆی دەردەبڕێت:

قانعا! خۆت و دڵت هەر قوڕ بپێون دەم بە دەم

تۆ لە داخی ئەم زەمانە و ئەو لە بۆ دیداری یار

(هەمان سەرچاوە: ۱۰۳)

### ٤-٤- ئامۆژگاری ناڕاستەوخۆ و ڕەخنە لە کەسانی تر

هەندێک جار کە دانەری شیعر بە هێنانی نازناو ئامۆژگاری یان فەرمان یان قەدەغە دەکات، لە ڕواڵەتدا ڕوو لە خۆی دەکات و لە ڕاستیدا تەواوی بیسەرانی مەبەستە و بەم شێوەیە کاریگەریی قسەکەی زیاتر دەکات. لەم حاڵەتەدا بیسەر شاعیر یان بینەرێکی تایبەت نییە، بەڵکوو بیسەرێکی ترانسمیژوویی و جۆری مرۆڤە لە هەموو سەردەمەکاندا.

بێتابشی عەشقت نەبووە زەڕڕەیی مەوجوود

ڕەنجووری مەبە دوور لە عەشق ئەر دەتەوێ سوود

(ڕەنجووری، ۱۹۸۳: ۲۳۴)

شاعیر کاتێک لەم ئەرکەی نازناو کەڵک وەردەگرێت کە لە کۆمەڵگای خۆیدا ناتوانێت بە سادەیی ڕەخنە لە کەسانی دیکە بگرێت و هێنانی نازناو ڕێگە بە خاوەنی شیعرەکە دەدات لە ڕواڵەتدا ڕەخنە لە خۆی و لە ڕاستیدا ڕەخنە لە کەسانی دیکە بگرێت:

چوون بێسارانی هەر کەس بێ دڵ بۆ

چوون باخچەی بێ ئاو دایم بێ گوڵ بۆ

(بێسارانی، ۱۳۷۵: ۱۱۴)

هەندێک جاریش، بیسەر خودی شاعیرە کە خۆی ئاگادار دەکاتەوە و ئامۆژگاریی خۆی دەکات:

هەستە کامیل بەسیە بێداری برۆ لێی وەرکەوە

تا وڵات بێدەنگ و باسە و تا لە ڕۆژ میوانە شەو

(ئیمام زەنبیلی، ۱۳۹۲: ۱۷۴)

### ٤-٥- شانازیکردن و نیشاندانی باڵادەستیی شیعرەکەی بەسەر شیعری شاعیرانی دیکەدا

تاقمێک لە شاعیرانی کورد لە دوا بەیتەکانی شیعرەکەیاندا ناوی شیعریی خۆیان دێنن تەنیا بۆ دەربڕین و نیشاندانی چاکە و فەزیلەتی شیعرەکەیان، هەتا باڵادەستی و باشتربوونی خۆیان بە سەر

شاعیرانی دیکەدا دەربڕن. مەلا ساڵحی زیوەیی(حەریق) لەم شیعرەی خوارەوەدا بە مەبەستی شانازی کردن بە خۆی و شیعرەکەیەوە ناوی شیعرییەکەی دەهێنێت:

مەقبووڵە لە لای فەخری جیهان شیعری حەریقی

چت بێ هەیە موددەعی بێ بیکە سوئالت

(حەریق، ١٣٦٩: ١١۴)

**٤-٦- ناساندنی پێگەی کۆمەڵایەتیی شاعیر**

دەربڕینی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی پەروەردەی شاعیر یەکێکە لە ڕۆڵەکانی تری نازناو. لە ئەدەبی کوردیدا سیفاتێک هەیە وەک «مەلا»، «میرزا»، «شێخ» و «حاجی» کە باس لە پێگەی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری شاعیر دەکات. هەندێک لە شاعیرانی کورد ئەم وشانە لەگەڵ ناوی خۆیان تێکەڵ دەکەن و وەک نازناوێک بەکاری دێنن؛ میرزای غەفوور(باپیری)، شێخ ڕەزا (شێخ ڕەزا تاڵەبانی)، مەلای جزیری و حاجی (قادری کۆیی) نموونەی ئەو نازناوانەن.

**٤-٧- دوعاکردن و داوای لێبوردن لە خودا**

شاعیر بە هێنانی نازناو لە شیعرەکەیدا، بێدەسەڵاتی خۆی بۆ لای خوا دەردەبڕێت و بۆ گوناهەکانی داوای لێبوردن دەکات. ئەم بابەتە لە دێڕی خوارەوەی سەیدی هەورامیدا دەبینین:

یا غافیرە ززەنب سرپۆشی سەتتار        بویەر جە جورمی سەیدی خەتاکار

(سەیدی، ١٣٨٥: ٢٢٩)

**٤-٨- ڕێگریکردن لە دەستێوەردانی شیعری شاعیران**

ئەم تایبەتمەندییە گرنگترین ئەرکی نازناو بە تایبەتی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدایە. لە شیعری نەریتیی زمانەکانی فارسی و عەرەبیدا شاعیران نازناویان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی شیعرەکانیان تووشی گۆڕین و دزین نەبن. شاعیرانی کوردیش بە هێنانی ناوی شیعریی خۆیان لە هۆنراوەکانیاندا ڕێگرییان لە زیادکردنی دێڕی ساختە بۆ شیعرەکانیان دەکرد. ئەم ئەرکەی نازناو لە زۆربەی شیعری شاعیرانی پێشوی ئەدەبی کوردیدا دەبینرێت.

**٤-٩- دەربڕینی خۆشەویستی و ئازار و خەمی دەروونی**

شاعیر بە کەڵکوەرگرتن لە نازناو، خۆی وەک بیسەر لە جێگای کەسی سێهەمدا دادەنێت و لەودا هەستی خۆی و هەرچی پێویستە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخو بە کەسانی دیکە دەڵێ و بەم شێوەیە باسی خۆشەویستی دەکات:

مەکەن مەنعی وەفایی چونکە سەرگەردانی جانانە

لە سەر دینێ کە شێخی خانەقا بردی کە تۆبەی دا

(وەفایی، ۱۳۸۷: ۸۳)

لە ڕاستیدا شاعیر لەم فۆڕمەدا لە زمانی خۆیەوە و بۆ خۆی قسە دەکات. ئەم تایبەتمەندییەی نازناو زیاتر لە شیعری سوننەتیدا بەدی دەکرێت. گۆران لەم شیعرەی خوارەوەدا بە قسەکردن لەگەڵ خۆی، ئازار و خەم و پەژارەی ئاوا دەردەبڕێت:

ئەستیرە هەموو داغی سەمای سینەتە گۆران

ئەی عەرشـــی عەزیم ناڕەحەتی دووکەڵی ئاهت

(گۆران، ۱۳۸۴: ۷۹)

لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم بابەتە دەروونیەی نازناو دەتوانێ بۆچوون و جیهانبینی شاعیر ئاشکرا بکات.

**۵- شێوازەکانی هەڵبژاردنی نازناو لە ئەدەبی کوردیدا**

شاعیرانی کورد بە پێی هەندێک فاکتەر ناوی شیعرییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە؛ ئەو هۆکارە سەرەکیانەی کە لە هەڵبژاردنی نازناوی شاعیراندا بەشدارن، بریتین لە:

۵-۱- باوترین ڕێگا بۆ هەڵبژاردنی نازناو لە ئەدەبی کوردیدا، هەڵبژاردنی ناوی یەکەمی شاعیر یان بەشێک لە ناوەکەی و بەکارهێنانی وەک نازناوە؛ بۆ نموونە غولام ڕەزا ئەرکەوازی (۱۷۷۵-۱۸۴۰ز.) کە سەر بە یەکێک لە هۆزە گەورەکانی کوردانی دانیشتووی ئیلامە، ناوی خۆی کە «غولام» بوو، وەک نازناو داناوە. هەروەها میرزا شەفیع جامەریزی، ناوی خۆی واتە «شەفیع»ی وەک ناوی شیعری هەڵبژاردووە.

یـــە شـــــەفیع واتـــەن قـــەبرش پڕنوور بۆ

گـورش جـــە ئـــاهیر جەهـــەنـــەم دوور بـۆ

(خەزنەدار، ۲۰۰۳/ ۳: ۵۶۳)

حەسەن سەیفولقوزات، نووری شێخ سەعید، میرزا عەبدولقادر پاوەیی، ئەسعەد مەحوی (نەوەی مەحوی، شاعیری بەناوبانگ)، تاهیر بەگی جاف، ناسح حەیدەری، محەمەد ئەمین بەلەدی (ئەمین شنۆیی)، ئەحمەد موختار جاف، ئەڵماس خان کەنوولەیی، عەلی هەریری (خەڵکی گوندی هەریر لە ناحیەی شەمزینان سەر بە پارێزگای هەکاری)، فایق بەختیار، مەلا غەفوور دەباغی، شێخ سەلام و هتد، لە ڕیزی ئەو شاعیرانەدان.

٥-٢- زۆربەی شاعیرانی کورد لە ناوی مەنسووب کەڵکیان وەرگرتووە؛ واتە «ی» نیسبەتیان بە ناوێکەوە زیاد کردووە و نازناویان داناوە؛ وەک کەیفی، نالی، ناری، نیعمەتی، خاکی، مەجدی، شاهی، لوتفی، ئەسیری، ویسالی، حەقیقی، وەفایی، حەمدی، عەونی، کوردی، ئاهی، کۆشکی، حیلمی، سەبری و هی‌تر.

بەشێک لە لێکۆڵەرانی ئەدەبی فارسی، ئەم ناوانە لە ئەدەبی فارسیدا بە نازناو (تخلّص) نازانن و پێیان وایە «ناوەکانی وەک ڕوودەکی، ئەنوەری و هتد، پاشناوی (لقب) ئەو شاعیرانەن کە بە هۆیەوە ناوبانگیان دەرکردووە و نازناوەکەیان نییە. چونکە ئەمانە ناوی شیعریی شاعیران نین کە شاعیر خۆی بۆ خۆی هەڵیبژاردبێت و لە شیعرەکانیدا بەکاری هێنابێت؛ بەڵکوو پاشناوێکن کە بەپێی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شاعیر پێی دراوە و ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ناوە لە قۆناغەکانی دواتر و تەنانەت دوای مردنی شاعیر کەڵکی لێ وەرگیرێ» (نیك‌منش، ١٣٨٢: ٣٩). ئەم بۆچوونە، ئەدەبی کوردی ناگرێتەوە؛ چونکە شاعیرانی کورد لە ڕووی زانستەوە ناوەکانی نالی، ناری، خاکی، حەمدی و ئاهی‌یان وەک نازناو هەڵبژاردووە و لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە.

٥-٣- هەڵبژاردنی وشەیەکی جوان و کۆنی زمانی کوردی یان وشەیەکی ئەدەبی لە شیعری شاعیرانی دیکە بە تایبەت شیعری شاعیرانی ناسراوی ئەدەبی فارسی؛ بۆ وێنە «تیرێژ» نازناوی نایف حەسۆیە. هەروەها محەمەد ئەمین کوڕی کاکە شێخ ناوی شیعریی خۆی لە کاردۆخ (ناوێکی تری کورد) وەرگرتووە و «کاردۆخی»ی وەک نازناوێک هەڵبژاردووە و هەموو نووسینێکی بەم ناوە بڵاو کردووەتەوە و لە ناو خەڵکیدا بەوەوە ناسراوە (خەزنەدار، ٢٠٠٦/ ٧: ٢٩٥). بێخود، مەدهۆش، دڵسۆز، زیوەر، ئەدەب، ئەدیب، بولبول، شیوا، میهرەبان، جەهانئارا، جاهید، خەستە، پرتەو، سالم، ڕەنجوور، مەعدووم، بێبەش، حەریق، فوئاد، قانع، بێدار، شاهۆ، شایق، ڕاوچی، ئاسۆ، بانان (داهاتوو) و هتد، لەم جۆرە نازناوانەن.

٥-٤- بەکارهێنانی وشەکانی پەیوەست بە ئایین و سۆفیگەری

بەکارهێنانی ناوی ئایینی و عیرفانی، یەکێکە لە شێوازەکانی سازکردنی نازناو لە شیعری کوردیدا. عارف، شێخ، ڕەمزی، مەحوی، نەهانی، جەوهەری، سافی، فانی، بابە (پیری تەریقەتی یارسان)، سانی، سەفوەت، کەماڵی، وەحدەت، میرزا و هتد، ئەو وشە و دەستەواژانەن کە لە ئایین یان سۆفیزمدا بەکار دێ و شاعیرانی کورد وەک نازناو بەکاریان هێناوە. نازناوی شاعیری ناوداری کورد، حاجی قادری کۆیی، «حاجی» بووە؛ ئەمەش بەهۆی سەفەر بۆ حەج و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی حەج نەبووە؛ بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە لە مانگی زولحەججە لەدایک بووە کە ئەو مانگەیە حاجییەکان دەچنە حەج؛ ڕەسمێک کە لە کوردستاندا باوە. مەلای جزیریش کە مەلا بووە و لە شاری جزیری

بۆتان لەدایک بووە؛ هەروەها مەلای جەباری (۱۸۰۶-۱۸۷۶ز.) کە سەر بە بنەماڵەی جەبارییە (یەکێک لە بنەماڵەکانی دانیشتووی پارێزگای کەرکووک)، «مەلا»ی وەک نازناوی خۆی هەڵبژاردوە و زۆرجار لە دوا بەیتی شیعرەکەیدا هێناویەتی.

۵-۵- هەڵبژاردنی نازناو لە ڕێگەی ناوی ئەو بنەماڵە و خێڵەی کە شاعیر سەر بەو بنەماڵە بووە؛ وەک چۆن عەبدولڕەحمان بەگی بابان «بابە»ی وەک نازناو هەڵبژاردووە کە ڕەنگە لە بنەماڵەی بابان وەرگیرابێت؛ محەممەد سالح دیلان، (دیلان) پاشناوی باوکی واتە مەلا ئەحمەدی دیلانی وەک نازناوی خۆی داناوە؛ عەبدوڵڵا گۆران هەر لە سەرەتای نووسینی شیعرەوە ناوی «گۆران»ی بەکار هێناوە کە ناوی یەکێک لە خێڵە گەورەکانی کوردە؛ ئەحمەدی خانی ناوی کۆتایی خۆی لە ناوی خێڵی «خانی» وەرگرتووە کە لە ناوچەی بۆتان دەژیان؛ مەلا عەبدوڵڵا کوڕی مەلا ئەسعەد جەلیزادە، نازناوی «جەلی» لە پاشناوی بنەماڵەکەی واتە «جەلیزادە» وەرگرتووە.

۵-۶- نازناوێک کە باس لە تایبەتمەندی ڕۆحی و جەستەیی و دەروونی شاعیر دەکات

ڕووداوەکانی ژیان و تایبەتمەندییە دەرەکی یان ناوەکییەکانی شاعیریش لە هەڵبژاردنی ناوی شیعریی شاعیردا بەشدار بوون؛ بۆ نموونە، «سالم» بە درێژایی تەمەنی لە ڕووی جەستەییەوە نەخۆش بووە، هەر بۆیە لە سەرەتای گەنجی و شیعروتندا نازناوی «بیمار»ی هەڵبژاردووە و دواتر بە هیوای ڕزگاربوون لە نەخۆشی و بەدەستهێنانی تەندروستی، پێچەوانەکەی واتە «سالم»ی بەکار هێناوە و وەک پێشتر گوترا، نازناوی "ڕەنجووری"شی بەکار هێناوە» (احمدی، ۱۳۹۵: ۴۰۳). هەروەها شاعیرێکی وەک فایق بێکەس، کە ژیانی بە سەختی و هەژاریدا تێپەڕ کرد و لە سەردەمی منداڵیدا باوکی، ئەو و دایکی بە تەنیا جێهێشت، نازناوی «بێکەس»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە (هەمان سەرچاوە: ۴۸۹). شێخ محەممەد مەردۆخی نازناوی «ویسالی»ی بۆ خۆی بەکار هێناوە؛ هەڵبژاردنی ئەم نازناوە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دوای ماوەیەکی زۆر دووری لە هاوڕێ خۆشەویستەکەی، دواجار بە دیداری شاد دەبێتەوە (خەزنەدار، ۲۰۰۶/ ۶: ۴۸۳-۴۸۴). جگەرخوێن، سووتاوو، هێمن، هەژار، هێدی، غەمگین، ژاکاو، غەمناک، زەبوونی، وەحشەت، وەجدی و هتد، لەم چەشنە نازناوانەن.

۵-۷- نێوێک کە پێوەندیی بە زێدی شاعیرەوەیە

کەڵکوەرگرتن لە شوێنی لەدایکبوون و ژیانی شاعیر یەکێکە لە ڕێگاکانی دروستکردنی نازناو بۆ شاعیرانی کوردزمان؛ ئەم شێوازە لە نێو شاعیرانێک وەک بێسارانی دەبینرێت.

۵-۸- پێوەندیدان بەو پیشەیەی کە شاعیر یان باوباپیرانی سەرقاڵی بوون؛ وەک ئەحمەدی ناڵبەند کە نازناوی خۆی لە پیشەی باوکی کە ناڵبەند بووە، وەرگرتووە (خەزنەدار، ۲۰۰۶/ ۶: ۲۵۱).

شێوازی سازکردن و مانای زۆربەی نازناوە کوردییەکان ڕوونە؛ بەڵام واتە و پێکهاتەی هەندێکیان نادیارە. بۆ نموونە، لە بابەت نازناوی شاعیرێکی وەک نالی -کە یەکێک لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەدەبی کوردییە- زانیاریی وردمان نییە و سێ بۆچوون لەبارەی نازناوی ئەم شاعیرەوە هەیە:

١- وشەی (نالی) لە دیالێکتی زەردەشتیانی ناوچەی کرمانی ئێراندا وەک لە *فرهنگ بهدینان*دا هاتووە، ئەم مانایانەی گرتۆتە خۆ: دۆشەک، نوێن، ڕایەخی نوستن، ئەو چەرچەفەی لە سەر دۆشەک ڕادەخرێ، ئەو تەختەی بۆ نوستن بەکار دەهێنرێ.

٢- وشەی (نالی) نیسبەتە بۆ وشەی (نال)؛ ئەمە لە کومەڵێک فەرهەنگی جیاوازدا، بەتایبەتی لە *برهان قاطع* و *مکمل عثمانلی لغتی* بەم مانایانە هاتووە: قامیشێک ناوی بۆش بێ، قەڵەمی نووسین، ئەو تاڵە باریکانەی لە ناو قەڵەمی قامیشدایە، هەروەها بەو قامیشە ناو پتەوەش دەڵێن کە تیری لێ دروست دەکرێ، قامیشی شەکر، جۆگە لە زێی بچووک و گەورە، ناوی باڵندەییێکی بچووک کە دەنگ و ئاوازی خۆشە، ئەو قامیشەی قەڵەمی لێ دروست دەکرێ، نووکی قەڵەم، شمشاڵ، نای، دووزەلە.

٣- ئەگەر وشەی (نالی) لە (ناڵە)وە دروست کرابێ، وەک نیسبەت ئەمەیان بەپێی دەستووری زمان ڕاست نییە، چونکە نیسبەتی (ناڵە) (ناڵەیی) دەبێ. شاعیری ئێمە ناوی خۆی نەناوە (ناڵەیی) بەڵکوو (ناڵی). لەگەڵ ئەمەشدا (ناڵە) لە زمانەکانی بنەماڵەی ئێرانی لە چاوگی (ناڵین)ەوەیە، هەروەها لە زمانی پەشتوونی ئەفغانستاندا بە مانای شیوی تەسک، بەست هاتووە. لە *فرهنگ کاتوزیان*دا بە مانای قامیشی شەکر، نووکی قەڵەم، زێی گەورە و بچووک، وەک ناوی باڵندەیێکی خۆشئاواز هاتووە (هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٣/ ٣: ٤٣).

## ٦- هۆکارەکانی مۆسیقایی هەڵبژاردنی نازناو

ئەو فاکتەرانەی کە لە تەوەری پێشوودا باس کران، لە شێوەی هەڵبژاردنی نازناو لە ڕووی چەمک و تایبەتمەندیگەلی پێکهاتەیی نازناودا بەشدار بوون؛ بەڵام چ فاکتەرگەلێک کاریگەرە لە پێکهاتەی دەرەکی و مۆسیقایی ناوی شیعری شاعیران؟

بەو پێیەی شیعر لە دوو فاکتەری سەرەکیی خەیاڵ و ڕیتم یان کێشی شیعری دروست بووە، هەر شاعیرێک سیفەتێکی گونجاو لەگەڵ کێش و ڕیتمی شیعرەکەی وەک نازناو هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بیخاتە چوارچێوەی شیعرەکەیەوە. ئەو دەزانێ بۆ ئەوەی نازناوەکەی قورسایی نەخاتە سەر کێش و ڕیتمی شیعرەکەی و بتوانێ لەگەڵ وشەکانی دیکە پێکەوەی دابنێت، دەبێ وشەیەک

هەڵبژێرێت کە لەگەڵ ئەفاعیلی عەرووزی بگونجێت. زۆرینەی نازناوەکانی شیعری کوردی لە سەر بنەمای ئەم وەزنە عەرووزیانەیە:

- فەعلەن: ڕەمزی، مەحوی، نووری، کوردی، زیوەر، شیوا، پرتەو، کەیفی، مەجدی، لوتفی، حەمدی، عەونی، کۆشکی، حیلمی، سەبری، وەحشەت، وەجدی، سەفوەت، وەحدەت، فەوزی، حەسرەت، ئەسعەد، ئەحمەد، غەمگین.
- فاعل (فاعیل): قادر، جاهید، سالم، قانع، شایق، نالی، ناری، خاکی، شاهی، فایق، سافی، فانی، سانی، سالم، خانا، عاسی، کانی، عارف، تاهیر، خالیس، عاجیز، ناسیح.
- فەعوولون: ئەسیری، حەقیقی، وەفایی، جگەرخوێن، زەبوونی، کەمالی، نەهانی، سەعیدی، جەباری، کۆساری.
- مەفعوول: ژاکاو، غەمناک، ئەڵماس، سووتاو، دڵدار، ئاوات، هاوار، موخلیس، مەزلوم، مەدهۆش، ڕامیار، ڕەنجوور، مەعدووم، بولبول.
- فەعوول: بێخود، ئەدیب، حەریق، فوئاد، بێدار، غەفوور، سەلام، هەژار، گۆران، ئەخۆل، ئەمین.
- فەعەل: حەسن، ئەدەب، بێبەش، بێکەس، هێمن، هێدی، مەلا، وەفا.
- مەفعوولون: مەهجووری، ڕەنجووری، ویسالی، سەودایی، سابیری.
- فاعیلون: مێهرەبان، نیعمەتی، بەختیار، جەوهەری، حوسێنی، لامێعی.
- مەفاعیلون: جەهانئارا، بێسارانی.

هەندێک جار شاعیرانی کورد لە دانانی نازناو لە چوارچێوەی شیعرەکانیاندا، کێشەیان بۆ ساز دەبێ؛ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە دوو شێوە مامەڵە دەکەن:

أ) کەڵکوەرگرتن لە نازناوێکی جیاواز، کە لەگەڵ کێش و ڕیتمی شیعرەکە دێتەوە؛

بەشێک لە شاعیرانی کورد یەک پاشناویان نەبووە و بەپێی تەوەری هۆنراوە و کێشی شیعرەکانیان نازناوی جۆراوجۆریان بەکار هێناوە؛ بۆ نموونە، «نازناوی مەلای جزیری لە شیعردا جارجار مەلا، جارجار مەلێ، هێندێک جاریش نیشانی بووە» (جزیری، ۱۳۶۱: ۱۳). هەروەها ئەمین ئاغای حووەیزی دوو نازناوی هەبووە: «ئەختەر، ئەمین». ئەم شاعیرە بەپێی ڕیتمی شیعرەکەی یەکێک لەم نازناوانەی بەکار هێناوە. لە دێڕی خوارەوەدا بەحری عەرووزی (فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلون: ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف) ناچاری دەکات نازناوی ئەمین بەکار بهێنێت:

ئەی ئەمین بیستوومە ئیمڕۆ یار خەڵاتی کردووی    سا وەرە ئەوجاکە بمرە تۆ لە سەر ئەم خۆشییە

(خەزنەدار، ۲۰۰۴/ ۴: ۴۹)

هەمان شاعیر بە هۆی وەزنی (مەفاعیلون مەفاعیلون فەعوولون: هەزەجی شەشیی مەحزووف) لە نازناوی دیکەی خۆی، واتە «ئەختەر» کەڵک وەردەگرێت:

تـەمـاشـــا کـە ســــەراپـا مـاهم ئـەختـەر

هـەموو عیشـــوە و فریـب و نـاز و غـەنجـە

(هەمان سەرچاوە: ٥١)

خەلیل کاکەییش لە دیوانی شیعری خۆیدا لە نازناوەکانی «خەلیل، خەلیل مونەووەر، مەلا خەلیل، میرزا، میرزا خەلیل» کەڵک وەردەگرێت (هەمان سەرچاوە: ٥٠٥).

ب) گۆڕانکاریی بچووک لە نازناودا و ئامادەکردنی بۆ ئەوەی بتوانێ بخرێتە ناو چوارچێوەی شیعرەکەوە؛ هەندێک جار پێویستیی کێشی شیعر وای کردووە شاعیر بە گۆڕانکارییەکی کەم و فۆرمێکی خۆماڵییەوە ناوی خۆی بهێنێتە ناو شیعرەکەیەوە. سەید یەعقووبی مایدەشتی (١٨٠٢-١٨٧٥ز.) نازناوی «سەید و سەی یاقو»ی سازکردووە کە کورتکراوەی ناوەکەیەتی. هەروەها شاموراد مشتاق، شاعیری کرماشانی، بە داشکاندنی ناوەکەی، نازناوی «شامی»ی داناوە. جەعفەر قولی زەنگلیش (١٨١٤-١٩٠٥)، کە یەکێک لە شاعیرانی کوردی خوراسانە، کورتکراوەی ناوی خۆی (جافر قولی) وەک نازناوی خۆی هەڵبژاردووە.

**٧- تایبەتمەندییەکانی شیعری کوردی لە بواری بەکارهێنانی نازناودا**

ئەدەبی نەریتیی کوردی لە ڕووی بەکارهێنانی ناوی شیعرییەوە، تایبەتمەندیگەلێکی هەیە کە گرینگترینیان بریتین لە:

٧-١- گۆڕانکاری لە نازناودا بە تێپەڕبوونی کات: هێندێک لە شاعیرانی کورد بە هۆی ڕووداوێک، ئاشنابوونی شاعیر لەگەڵ کارەکتەرێکی نوێ، گۆڕانکاری لە ڕەوتی ژیان و سەرهەڵدانی دۆخێکی تازە نازناوی خۆیان گۆڕیوە؛ بۆ نموونە، وەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا وتمان، «سالم» لە سەرەتای شیعروتندا بە هۆی نەخۆشیی جەستەییەوە نازناوی «ڕەنجووری»ی بەکار دەهێنا، بەڵام دواتر، بە پێچەوانەی نەخۆشییەکەی، نازناوی سالمی وەک پاشناوی شیعری خۆی هەڵبژارد:

دڵی دڵبەر کـە مـــایـل بێ بــە ئــەغیــار

نـیـــە تــەدبـیـری ســـــالـم جوز مـودارا

(سالم، ٢٠١٥/ ١: ٧٨)

نموونەی گۆڕینی نازناو لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لە ناو شاعیرانی زمانی کوردیدا زۆرن؛ لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین: «لامیع» لە سەرەتادا نازناوی شێخ ڕەزا تاڵبانی بوو، بەڵام دواتر ناوی

خۆی وەک نازناو بەکار هێنا (احمدی، ۱۳۹۵: ۵۲۷). مەلا حەسەنی قازی لە سەرەتای شیعرەکەیدا خۆی بە وشەی «شایق» بە خەڵک دەناساند؛ بە تێپەڕبوونی کات و دوای جەنگی جیهانیی دووەم نازناوی «شاهۆ»ی بۆ خۆی دانا (خەزنەدار، ۲۰۰۶/ ۶: ۱۴۹). حەسەن خەزاییی سەرەتا نازناوەکانی «حوزنی، خەدوک، داماو و بێژەن»ی وەک نازناو بەکار هێناوە و دواجاریش ناوی شیعریی «حوزنی»ی هەڵبژاردوە. (هەمان سەرچاوە، ۲۰۰۵، بەرگی ۵: ۵۱) شاعیرێکی وەک تۆفیق بەگیش لە سەرەتادا بەرهەمەکانی لە ژێر ناوی «حاجی تۆفیق بەگ» چاپ کردووە و دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی عومر و گەیشتن بە تەمەنی پیری نازناوەکەی بۆ «پیرەمێرد» گۆڕیوە (هەمان سەرچاوە: ۱۰۱).

۷-۲- سوودوەرگرتن لەو نازناوانەی کە شاعیرانی دیکە پێشتر بۆ خۆیان هەڵبژاردووە؛ ئەگەرچی ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی عەرەبی و فارسیشدا هەیە، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا زیاتر بەرچاو دەکەوێ. ڕەنگە ئەمەش بە هۆی نائاگادارییی شاعیرانەوە بێت سەبارەت بە بوونی ئەو نازناوانە. لە ئەدەبیاتی کوردیدا نموونەی نازناوی هاوبەش لە ناو شاعیراندا زۆرە؛ بۆ نموونە، نازناوی سێ شاعیر بە ناوەکانی محەممەد شەریف حەنەفی، محەممەد سەعید مزووری و محەممەد عەبدوڵڵا دەشیی «مێهری» بووە (هەمان سەرچاوە: ۵۲۲). بابا مەردۆخ ڕۆحانی لە *تاریخی مەشاهیری کورد*دا باس لە هەبوونی دوو شاعیر بە نازناوی «غەمناک» دەکات (مەردوخ، ۱۳۸۲/ ۲: ۵۴). هەروەها سەید فەیزوڵڵا موکری و حاجی شێخ محەممەد ئەمین کەسنەزانی نازناوی «هیجری»یان کردووەتە پێناسەی شیعری خۆیان. ئەدەب، ئەدیب، ئەمین، جەوهەری، حەبیب، حیرەت، خاکی، خالیس، شەیدا، سالح، موخلیس، والی و هتد، ئەو وشانەن کە چەند شاعیر وەک نازناو بەکاریان هێناوە.

۷-۳- بوونی چەند نازناو و کەڵک وەرگرتن لە یەکێکیان بەپێی هەل و بارودۆخ: بەشێک لە شاعیرانی کورد کە بە زمانگەلی دیکە شیعر دەنووسن، لە هەر یەکێک لە شیعرەکانیاندا نازناوێک دێنن؛ «کوردی» نازناوی مستەفا بەگ کوڕی مەحموود بەگە لە شیعرە کوردییەکانیدا؛ بەڵام هەر ئەم شاعیرە لە شیعرەکانیدا بە زمانی فارسی نازناوی «هجری» دێنێت. خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: «کردم و کردی تخلّص هجرتم هجری ربود» (کوردی، ۲۰۱۰/ ۱: ۲۲). مستەفا بەگ جگە لە شیعری فارسی، لەو شیعرە کوردیانەشیدا کە لە غوربەتدا هۆنیونیەوە، لە نازناوی «هجری» کەڵک وەردەگرێت.

۷-۴- جێگای هاتنی نازناو لە ناو شیعردا تایبەتمەندییەکی دیکەی نازناوی کوردییە؛ (تخلّص) لە ئەدەبیاتی فارسیدا «بە تایبەت لە غەزەل و قەسیدەدا زۆرتر لە دوا بڕگەی شیعردا دێت» (میرصادقی، ۱۳۷۶: ۵۴). لە ئەدەبیاتی کوردیشدا بە عام جێگای نازناو دوایین دێڕ یان دوا دێڕی

پێش کۆتاییە. زۆرینەی شاعیرانی کورد بە تایبەت ئەو شاعیرانە کە لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی فارسی و شاعیرە گەورەکانی ئەو زمانەدا بوون، ئەم شێوازە ڕەچاو دەکەن؛ وەک نالی، سالم، کوردی و هتد؛ بەڵام هەندێک لە شاعیران ئەم ڕێکارەیان پەیڕەو نەکردووە و لە هەر شوێنێکدا بە پێویستیان زانیوە، بە ئارەزووی خۆیان نازناویان بەکار هێناوە؛ بۆ نموونە، عەبدوڕڕەحیم تاوەگۆزی لە دێڕەکانی سەرەتادا (دێڕی سێیەمی شیعرەکەی) نازناوی خۆی هێناوە:

واچە هەی ســــەد جار «مەعدوومی» توفەیل

پەرســــابیت جە ڕووی گەرمیی کوورەی مەیل

(مەعدوم: ١٣٨٩: ١٧٨)

**٨- توانایییە ئەدەبییەکانی نازناو**

لای زۆربەی شاعیرانی سەرەتایی ئەدەبی کوردی، نازناو ناوێکی سادەیە کە ناتوانێت هیچ بژاردەیەکی ئەدەبی و زمانەوانی بۆ ئەوان دابین بکات و هیچ جوانییەکی ئەدەبیی تێدا نییە؛ بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی، وردەوردە ئەم تەوەرە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و پاش ئەوەی شاعیران لە توانستی ئەدەبی و هونەری و پۆتانسێلەکانی نازناو ئاگادار بوون و زانیان تەنیا ناوێکی سادەی شیعری نییە کە بەوەوە نیشانی خاوەندارێتی لە سەر هۆنراوەکەیان دانێن، هەوڵیان دا بە نازناوی شیاو و جوان زۆرترین سوود لەم بابەتە وەربگرن و لە ڕێگەی ئەوەوە نهێنییەکانی دەروونی خۆیان بخەنە ڕوو و جوانیی ئەدەبی دروست بکەن. لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک لەم جوانییە ئەدەبیانە دەکەین:

٨-١- پۆشین: باوترین ئیمکانی ئەدەبیی نازناو، دروستکردنی جوانکاریی پۆشین لە شیعردایە. پۆشین -لە عەرەبیدا «التوریە» و لە فارسیدا «ایهام»- ئەوەیە:

> شاعیر یان نووسەر وشەیەک بێنێت، ئەو وشەیە دوو واتا بگەیەنێت، یەکی دوور و یەکی نزیك، (کە دەڵێین دوور، مەبەست ئەوەیە پیاو درەنگ بۆی دەچێ و نەختێک لێکدانەوەی پێدەوێ، بەڵام کە دەڵێین مانایەکی نزیک، مەبەست ئەوەیە کە گوێگر یان خوێنەر هەر زوو بوی دەچێ و وەریدەگرێ) مەرجە لە پۆشیندا شاعیر یان نووسەر مەبەستی لەم وشە جووتواتایە، واتا دوورەکە بێت (عەبدوڵلا، ٢٠١٢: ١٤٠).

ئەم جوانییە ئەدەبییە لەو وشانەدا بەکار دەهێنرێت کە چەندین مانایان هەیە و شاعیر دەتوانێت جگە لە مانای نزیکی وشەکە، مانا دوورەکانیشی بە هەمان شێوە بهێنێتە مێشکی گوێگر یان خوێنەرەوە؛ وەک قانع، هەژار، هێمن، هێدی و هتد کە هەڵگری چەند واتان. لە چوارینەی خوارەوەی خەیامدا، شاعیربوونی وەرگێڕ، واتە (هەژار)، ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندووە کە بە یاریدەی نازناوی خۆی، جوانکاریی ئەدەبی پۆشین دروست بکات:

این کوزه چو من عاشــق زاری بوده اســت در بند سر زلف نگاری بوده‌ست
این دســـته که بـــــر گردن او می‌بینی دستی‌ست که برگردن یاری بوده‌ست
(خیام، ۱۳۹۴: ۱۵)

ئەم گۆزە وەکوو من بووە، دڵــدار و هەژار جارێکی دڵی خۆش بووە، سەد جار خەمبار
ئەو هەنگڵ و دەســـــگرەی لە ملیا دیوتە دەستێ بووە زۆر خراوەتە سەر ملی یار
(شرفکندی، ۱۳۷۰: ۹)

وەک دەبینین، لە وەرگێڕانی چوارینەی خەیامدا وەرگێڕ لە بری وشەی «زار» نازناوی خۆی واتە «هەژار»ی داناوە کە دەتوانێت بە مانای «فەقیر و نەدار» یان ناوی شیعری خودی وەرگێڕەکە بێت و بەم شێوەیە جوانییەکی ئەدەبیی دروست کردووە.

۸-۲- هاوشێوە (ڕەگەزدۆزی): ڕەگەزدۆزی (جناس) بریتییە لە «بوونی دوو وشە لە دەربڕیندا لێکچوو بن و لە واتادا جیاواز، یان بە واتایەکی تر بن. ڕاستییەتی ڕەگەزدۆزی ئەوەیە دوو وشە دەربڕاوەکان یەک بن یان هاوشێوە و یەکچوو بن، واتاشیان جیاواز بێت. ئەمەش دوو جۆری هەیە؛ ڕەگەزدۆزی تەواو و ڕەگەزدۆزی ناتەواو» (عەبدوڵڵا، ۲۰۱۲: ۱۳). ئەو نازناوانەی کە لە زماندا وشەی هاوشێوەیان هەیە، ئەو هەلە بۆ شاعیر دەڕەخسێنن وتەکەی جوانتر و ئەدەبیتر بکەن؛ بۆ نموونە، شاعیرێک بە ناوی «مەنفی» دەڵێ:

ئەگەر مەنفی کرا مەنفی نییە دەعوای لەگەڵ هیچ‌کەس
کە هەرچی بێ بەســەریا باشــە چونکە ئەمری ڕەحمانە
(خەزنەدار، ۲۰۰۴/ ۴: ۷۰)

لە دێڕی سەرەوەدا «مەنفی» دوو وشــەن کــە لــە پیــت و خوێندنــەوەدا وەک یەکـن، بـەڵام لـە واتــادا جیاوازییــان هەیــە؛ «مەنفی»ی یەکەم نازناوی شاعیر و «مەنفی»ی دووهەم بە واتای «دوورخراوە و دەرکراو»ـە و شاعیر بەم شێوەیە هاوڕێژەیــی و هارمۆنــی پێکهێناوە و ئــاوازی نــاوەوەی شیعرەکەی بەهێزتــر کردووە.

**۹- نازناو لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا**

ئاشنابوونی شاعیرانی کورد لەگەڵ شیعری شاعیرانی نەتەوەکانی دیکە، جگە لە کاریگەری لە سەر کێش و ناوەرۆکی شیعر، نازناویشیانی تووشی گۆڕانکاری کرد. شاعیرانی مۆدێرنیست کە زۆرتر بیر لەوە دەکەنەوە پەیام و خەیاڵی خۆیان سادە و ساکار دەربڕن، چیتر خۆیان مەجبوور بە دۆزینەوەی نازناوێکی شیاو و بەکارهێنانی لە شیعردا نابینن. زۆرینەی شاعیرانی هاوچەرخ وەک شاعیرانی

کلاسیکی کوردی نازناویان هەیە، بەو جیاوازییەی کە لە ئەدەبی نوێی کوردیدا نازناو تەنیا ناوێکە کە شاعیر یان نووسەر بەو ناوە خۆی بە گوێگرەکەی دەناسێنێ و بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێ بڵاو دەکاتەوە. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانست و پیشەسازی و هەبوونی چاپەمەنی و ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر، ترسی دزینی بەرهەم و شیعرەکانی شاعیری لەناو برد و ئەو چیتر پێویستی بە هێنانی نازناو لە شیعرەکەیدا نەدیت. بە گشتی نازناو لەم قۆناغەی ئێستادا دوو جۆرە:

٩-١- ئەو شاعیرانە کە بە شێوەیەکی نەریتی شیعر دەڵێن و شیعرەکانیان کێش و قافیەی ڕێکوپێکی هەیە، وەکوو شاعیرانی سوننەتی، لە نازناو کەڵک وەردەگرن: هێمن، هێدی، ئاوات و ...

٩-٢- شاعیرانی مۆدێرنیست کە لە شیعرەکانیاندا یان نازناو بەکار ناهێنن، وەک لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، ژیلا حوسێنی، مارف ئاغایی و هتد، یان ئەگەر بەکاری بهێنن، فۆڕمەکەی لەگەڵ شیعری نەریتیدا زۆر جیاوازە. ئەوان بۆ شاردنەوەی ناویان، لە ناوێکی ساختە و کورتکراوەی ناوی خۆیان کە لە چەند پیت و وشە پێکهاتووە و تەنها دۆست و خزم و کەسانی نزیک ئاگاداری بوون، کەڵک وەردەگرن؛ وەک ک.د.ئازاد. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە پێشەنگی ئەم شێوازە لە دروستکردنی نازناو، یەکێک لە شاعیرە کۆنەکانی کورد بە ناوی فەقێ تەیرانە کە «ناوی شیعری (م،ح)ی بەکار هێناوە، کە کورتەیەک لە ناوی شاعیر (محەممەد)ە» (احمدی، ١٣٩٥: ٣١٥).

**١٠- ئەنجام**

هەر لە سەرەتای شیعری کوردییەوە هەڵبژاردنی نازناوێکی جوان و شیاو بۆ شاعیرانی کورد زۆر گرینگ بووە؛ بۆ ئەوەی ئەم ناوە ببێتە نوێنەر و واژۆیەک بۆ شیعرەکانیان. تەنانەت هەندێکیان بیریان لەوە کردووەتەوە کە پێش نووسینی شیعرێک نازناوێک بدۆزنەوە کە لەگەڵ هێڵی بیرکردنەوە و بەرژەوەندییەکانیان بگونجێت. ئەوان لە ڕووی وشەیێک کە ناوی یەکەمی خۆیان یان ناوێکی مەنسووبە یان پێیان جوان و ئەدەبییە یان پەیوەستە بە ئایین و سۆفیگەرییەوە یان ئاماژە بە تایبەتمەندیی ڕۆحی و جەستەیی و دەروونی و پیشەی شاعیر دەکات، بۆ خۆیان نازناوێک، واتە ناوێکی شیعرییان دروست کردووە و لە هۆنراوەکانیاندا بەکاریان هێناوە. پێدەچێت لەم بارەدا لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی فارسیدا بووبن، بەڵام تایبەتمەندیگەلێکی وەک گۆڕانکاری لە نازناودا بە تێپەڕبوونی کات، سوودوەرگرتن لەو نازناوانەی کە شاعیرانی تر پێشتر بۆ خۆیان داناوە، بوونی چەند نازناو بۆ شاعیرێک و کەڵکوەرگرتن لە یەکێکیان بەپێی هەل و بارودۆخ، جیاوازیی ئەم بابەتە لە ئەدەبی کوردیدا نیشان دەدات.

نازناو لە ڕوانگەی یەکەم شاعیرانی ئەدەبی کوردیدا تەنیا ناوێکی شیعریی سادەیە بۆ ناساندنی خۆیان و لە باری ئەدەبی و زمانییەوە بایەخێکی ئەوتۆی نییە؛ بەڵام نازناو بۆ شاعیرانی قۆناغەکانی دواتر تەنیا ناوێکی کورتی شیعری نەبوو، بەڵکوو لای ئەوان ئەو وشەیە کورتکراوەی ناو و ناوبانگیان بوو کە پێگەی کۆمەڵایەتیانی نیشان دەدا و لە ڕێگای نازناوەوە لەگەڵ خۆیان قسەیان دەکرد و خۆشەویستی و ئازار و خەمی دەروونیان دەردەبڕی، ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیان لە کەسانی تر دەگرت و شیعرەکانیان پێ دادەخست و نەیاندەهێشت دزی و گۆڕانکاری لە شیعرەکەدا بەدی بێت.

جۆری نازناوێک کە شاعیر بەکاری دەهێنێت، جگە لە ناساندنی شێوازی شیعریی شاعیر، دەتوانێت داهێنان و هێزی دەربڕینی ئەویش دیاری بکات. دەکرێ بڵێین ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە سەر نازناوی شاعیران ئەنجام دەدرێت، جگە لە بەهای ئەدەبی، گوزارشت لە بیر و بەهاکانی کۆمەڵگا و تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێکی کاتی، کەش و بارودۆخی شیعر لە سەردەمی شاعیر، بەرژەوەندی، عەقڵیەت، پیشە، پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕادەی خوێندەواریی خاوەنی نازناوەکە دەکات. بۆیە نازناو پێویستیی بە گرنگیدانی زۆرتری توێژەران و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و هەمەلایەنەی زیاتر هەیە.

پشکنینی نازناوی شاعیرانی کورد لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی و دەروونناسییەوە، کارێکە کە دەرفەت و هێزێکی زیاتر لەم وتارەی دەوێت و دەتوانێ بابەتی وتارێکی جیاواز بێت؛ بەڵام بەپێی قۆناغە شیعرییە جیاوازەکان و پێشهاتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی نەتەوەی کورد، دەکرێ بڵێین لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەدەبی کوردیدا کە ئایین و عیرفان لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا زۆر کاریگەر بووە و شاعیران زۆرتر هۆگری شەریعەت و عیرفان و سوفیزم بوون، وشەکانی میرزا، مەلا، حاجی، فەقێ، عارف، شێخ، مەحوی، فانی، وەحدەت و هتد، -کە پلە و پێگەی شاعیریان لە شەریعەت و عیرفاندا نیشان داوە- باو بوون. لە قۆناغەکانی دواتردا کە شەڕ و نائەمنی کاریگەریان لە سەر ژینگەی شاعیرانی کورد هەبووە، نازناوەکانی پەیوەست بە چەمکی ئازار و خەم و بێبەشی لە نێو شاعیرانی کورددا جێی بایەخ بووە. ناسەقامگیریی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەی کوردستان، ئاوارەبوون یان کۆچکردنی شاعیری کورد و ژیان لە خاکی غەریبیدا، خەم و حەسرەتی دابڕان و دەردی دووری، شاعیرانی دەورەکانی دواتری بۆ لای نازناوی خەمناکانە وەک حوزنی، ژاکاو، سووتاو، غەمگین، جگەرخوێن، هەژار، غەمناک و هتد ڕاکێشا.

**سەرچاوەکان**

**ئەلف. کوردی**

ئیمام زەنبیلی، کامیل (١٣٩٢). *شاری دڵ* (دیوانی سەید کامیل ئیمام زەنبیلی)، ئامادەکردنی سەید جەعفەر ئیمام زەنبیلی، تاران: ئانا.

بێسارانی، مستەفا (١٣٧٥). *دیوان*، لێکدانەوەی حەکیم مەلا ساڵح، سنە: مێهرەگان.

جزیری، ئەحمەد (١٣٦١). *دیوان*، لێکدانەوەی عەبدوڕڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار)، تاران: سرووش.

حەریق، مەلا ساڵح (١٣٦٩). *دیوان*، کۆکردنەوەی نەجمەددین ئەنیسی، سەقز: موحەممەدی.

ڕەنجووری، عومەر (١٩٨٣). *دیوان*، لێکدانەوەی موحەممەدعەلی قەرەداغی، بەغدا: ئافاقی غەربیە.

سالم، عەبدوڕڕەحمان بەگ (٢٠١٥). *دیوان*، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس، فاتح عەبدولکەریم و موحەممەدی مەلا کەریم، سلێمانی: بنکەی ژین.

سەججادی، عەلائەدین (١٣٨٩). *مێژووی ئەدەبی کوردی*، سنە: کوردوستان.

سەیدی، موحەممەد سولێمان (١٣٨٥). *دیوان*، لێکدانەوەی موحەممەد ئەمینی کاردۆخی، سنە: کوردستان.

شەرەفکەندی، عەبدوڕڕەحمان (١٣٧٠). *چوارینەکانی خەییام*، چاپی دووەم، تاران: سرووش.

عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٢). *جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی، هەولێر*: موکریانی.

قانع، موحەممەد (١٣٩٣). *دیوان*، چاپی هەشتەم، تاران: پانیز.

کوردی، مستەفابەگی ساحیبقران (٢٠١٠). *دیوان*، هەولێر: ئاراس.

گۆران، عەبدوڵڵا (١٣٨٤). *دیوان*، تاران: پانیز،

موحەممەدی، فەرهاد (١٤٠١). «نەریتی ئەدەبی و داهێنەرێتیی هونەری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: بە سەرنجدان بە شیعری کوردیی ناوەندی و سەروو»، *پژوهشنامه ادبیات کردی*، ژ. ١٣، ل. ١٨٧-٢٠٢.

مەعدووم، عەبدوڕڕەحیم (مەولەوی کورد) (١٣٨٩). *دیوان*، کۆکردنەوە و لێکدانەوە: مەلا عەبدولکەریم مودەرریس، سنە: کوردستان.

وەفایی، عەبدوڕڕەحیم (١٣٨٧). *دیوان*، لێکۆڵینەوەی عەلی قەرەداغی، چاپی دووەم، تاران: ئانا.

**ب. عربی و فارسی**

جرجانی، علی بن محمّد (١٩٨٥). *التعریفات*، تحقیق ابراهیم الابیاری، بیروت: دارالکتاب العربی.

حیرت سجادی، عبدالحمید (١٣٧٥). *شاعران کرد پارسی گوی*، تهران: احسان.

خیّام، عمر (۱۳۹۴). *رباعیات خیّام به فارسی و کردی*، ویرایش ماجد مردوخ روحانی، تهران: کانی کتیب.

روحانی، بابامردوخ (۱۳۸۲)، *تاریخ مشاهیر کرد* (ج. ۲، عرفا، علما، ادبا، شعرا)، چاپ دوم، تهران: سروش.

ریپکا، یان (۱۳۸۲). *تاریخ ادبّیات ایران*، ترجمهٔ ابوالقاسم سرّی، تهران: سخن.

شفیعی کدکنی، محمدرضا (۱۳۸۲)، «روان شناسی اجتماعی شعر فارسی در نگاهی به تخلّص‌ها»، مجلهٔ *بخارا*، سال ۶ ش. ۲، صص. ۴۶-۶۶.

*فرهنگ دانشگاه کردستان* (۱۳۹۲). سرویراستار: ماجد مردوخ‌روحانی، چاپ دوم، سنندج: دانشگاه کردستان.

میرصادقی، جمال (۱۳۷۶). *عناصر داستان*، تهران: سخن.

نیک‌منش، مهدی (۱۳۸۴). «راز تخلص در شعر فارسی»، *رشد آموزش زبان و ادب فارسی*، ش. ۶۵ ، صص. ۵۲-۷۰.

همایی، جلال‌الدین (۱۳۷۴). *فنون بلاغت و صناعات ادبی*، چاپ یازدهم، تهران: هما.